هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٧٩) لە ٢٠٢٠/١٠/٢١

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و پشتبەست بە ئەحکامی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٢) لە یاسای پێناسەی گومرگی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١٠، و لەسەر پێشنیاری هەردوو بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، و لە پێناوی پشتیوانیکردن لە کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان، بڕیاردرا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (دارایی و ئابووری، ناوخۆ، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو) بۆ بڕیاردان لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ئاماژەپێدراو بۆ لێخۆشبوونی گومرگی بۆ هاوردەکردنی ئامێری کشتوکاڵیی پێشکەوتوو کە لە ناوخۆی کوردستاندا بەرهەم نایەت بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە ئامادەن ئەو ئامێرانە هاوردە بکەن بە مەرجی ئاسان و بە شێوازی (قیست) بۆ جووتیارانی ڕاستەقینە دابین بکرێن.

٢. وەزارەتەکانی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارە زەوابت و مەرجی پێویست دەستنیشان دەکەن بۆ بابەتی هاتوو لەم بڕیارەدا بە جۆرێک تەنها ئەو ئامێر و کەلوپەلانە بگرێتەوە کە لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان بەرهەم ناهێنرێن و بە خشتەیەک لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەستنیشان دەکرێن، و پێویستە ڕێگە بگیرێت لە سوودوەرگرتنی ناڕەوا لەم لێخۆشبوونە و تەنها بۆ مەبەستی دابینکردنی ئەو کەرەستە سەرەتایی و ئامێرو کەلوپەلانە بێت بۆ جووتیاری ڕاستەقینە لە ناو هەرێمی کوردستان.

٣. پێدانی دەسەڵات بە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ داوای لێخۆشبوونی گومرگی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە چوارچێوەی بنەما و ڕێکارە یاساییەکان بۆ ئەو مادده و کەرەستە و پێداویستە سەرەتاییانەی کە لە بەرهەمهێنانی کارگە و پرۆژە کشتوکاڵییەکاندا بەکاردەهێنرێن و لە کاتی ئێستادا لە ناوخۆدا بەرهەم ناهێنرێن بەمەرجی بەکارهێنانیان لەو پرۆژانە لە ناو هەرێمی کوردستان و پشتیوانیکردنی ئەو کارگە و دامەزراوانە و ڕێگەگرتن لە سوودوەرگرتن تەنها بۆ ئامانجی سوود و قازانجی بازرگانی.

٤. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران